## فلاش میمۆری بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە




فلاش میمۆری دەکرێت وەك سندوقی زانیاری وداتاكانی ئەم سەردەكە بۆ تاكەكان سەیر بكرێت، فلاش میمۆری بەراستی بۆ هەڵگرتن و راگرتنی ئەمنییەتی پێویستی بە كۆدی نهێنی و قفڵی تایبەتە..

هەرچەندە پرۆگرامگەلێك هەن كە تایبەتن بە داخستنی و كردنەوەی فلاش میمۆرییەكان، بەڵام رەنگە زۆر كەس هەست بكەن كۆدە نهێنییەكانیان ئاشكرا دەبن یان متمانەیان بەو پرۆگرامانە نییە، بۆیە فلاش میمۆری lexar-finger بەرهەم هێناوە، فلاشی میمۆری ناوبراو دەتوانێ هەتا پەنجەمۆری دەكەس لەخۆیدا رابگرێ، واتە دەكرێت دە كەس سوود لەو فلاش میمۆرییە وەربگرێ، یان بە چەند پەنجەی كەسێك فلاش میمۆرییەكە بكرێتەوە. خێرایی فلاش میمۆرییەكە ١٥٠ میگابایت لە چركەیەكدایە. فلاش میمۆرییەكە لە ٣٢ را هەتا ٥١٢ گیگابایتی هەیە، بۆ هەردوو سیستەمی ویندۆز و ماك دەگونجێت.

## هواوی كاتژمێر و دەستبەند



هواوی كە چەند ساڵێك لەمەوبەر وەك كۆمپانیایەكی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتاڵی بەتایبەتی مۆبایل و كاتژمێری هۆشمەند لە ریزی خوارەوە بوو، ئەم دوو ساڵە بەهۆی بەرهەمهێنانی مۆبایلە زیرەكە پێشكەوتووەكانی هاتۆتە ریزی یەكەمەكان.

لە ماوەیەدا مۆبایلی جۆری mate20 هواوی خرایەروو، لەگەڵ ئەویشدا كاتژمێری هۆشمەندی جۆری Huawei Watch GT و هەروەها دەستبەندی جۆری Huawei Band 3 Pro نیشان دران.

كاتژمێرەكە شاشەیەكی رەنگی لە جۆری OLED هەیە و قەوارەكەی ١,٣٩ ئینجە، شاشەكە لە جۆری كەربۆنی ئەڵماسە و چوارچێوەكەی لە پۆلای دژە ژەنگ بەرهەم هاتووە.

كاتژمێرەكە هەموو ئەو ئەركانە ئەنجام دەدات كە كاتژمێرە سمارتەكان ئەنجامی دەدەن، جگە لەوەش

## پرینتەرێكی وێنە بەبێ وزە و بەبێ كێبڵ



هەر ئامێرێكی ئەلكترۆنی و دیجیتاڵی بۆ كاركردن پێویستی بە وزەیە، ئەم وزەیە بەهۆی كارەباوە بێت یان باتری، بەتایبەتی ئامێرێكی وەكو پرینتەر كە بۆ كاركردن حەتمەن دەبێت وزە هەبێت. بەڵام پرینتەری جۆری KiiPix هیچ وزەیەكی بۆ كاركردن نییە، سەیرتر لەوەش بۆ وەرگرتنی وێنەكانی سەر مۆبایل بۆ ئەوەی چاپ و پرێنتیان بكا پێویستی بە هیچ كێبڵ، یان سیستەمی بلوتوس یا وای-فای نییە، بەگشتی وەك هیچ ئامێرێكی ئەلكترۆنی ناچێت. پرینتەرەكە بچووكە و كۆدەكرێتەوە و بۆ هەموو شوێنێك دەكرێت بەكارهێنەر لەگەڵ خۆی ببات، وەك كامێرای فلۆرایدی كۆن فیلمی تێدا بەكاردێت، جۆرێك كاغەزە كە وێنەكە دەستبەجێ لەسەری چاپ دەبێت. بۆ ئەوەی كە وێنەیەكی سەر مۆبایل چاپ بكەی، پێویستە وێنەی سەر مۆبایلەكەت بكەیەوە و لەسەرووی جامێكی زەربینی تایبەت كە لەسەر پرینتەرەكەیە دایبنێی و دوگمەیەك لە خوارەوە دابگری و وێنەكە چاپ دەبێت. قەوارەی وێنەكان بچووكن بەقەد كارتێكی ریكلام دەبن، دەكرێت بەو پرینتەرە ئێفێكتیش لەسەر وێنە دابنێی و هەروەها سووری رەنگی چاویش كە بە هۆی تیشكەوە دروست دەبێت لابەری..



## ـــەندێکی نوێی خستەڕوو

چاودێری کردنی خەوی بەکارهێنەر، بۆ خێرای نیشاندانی راکردن، پایسکل لێخوڕین و مەلەکردنیش بەکار دێت، جگە لەوەش دەکرێت سیستەمی بەرزی پێویشی تێدایە، واتە ئەگەر بەکارهێنەر بەسەر شوێنێکی بەرز وەك چیایەك کەوت، دەزاندرێ چەندە بەرز بۆتەوە. کێشی تەنیا ٤٦ گرامە، میمۆری ناوخۆی ١٢٨ گرامە و لە قوڵایی ٥٠ مەتر ژێرئاویش تێك ناچێت.

مەچەکبەندی جۆری Huawei Band 3 Pro ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدات، وەك کاتژمێرەکە بۆ زانینی خێرایی راکردن، مەلەکردن و پایسکل لێخوڕین سوودی لێوەردەگیردرێت. شاشەیەکی لەمسی هەیە کە قەوارەکەی یەك ئینج نابێت. کێشی تەنیا ٢٥ گرامە و بە تەربوون تێکناچێت، لێدانی دڵ دەپێوێت و رێژەی هەڵمژینی ئۆکسیجین نیشان دەدات.

## مۆدێم راوتەرێکی سێ رەهەندی

لە گەیاندن و وەرگرتنی هێڵی ئینتەرنێتدا ئەوە هەر خزمەتگوزاری تۆڕی گەیاندنەکە رۆڵی سەرەکی نابینێ لە خێرایی ئینتەرنێتدا، بەڵکو مۆدێم و راوتەریش رۆڵی سەرەکییان هەیە، هەتا مۆدێمەکەت بەهێزتر بێت و باشتر هێڵەکە وەربگرێت، هێڵی ئینتەرنێتەکەت بەهێزترە. مۆدێم راوتەرەکان ستایل و قەبارە و تواناییان جۆراوجۆرە. مۆدێم راوتەری جۆری Tri-Band Netgear Orbi لە ریزی یەکێك لە باشترین مۆدێم راوتەرەکان دێت. ئەم مۆدێمە وایەرلەیسە و سێ رەهەندییە، سێ رەهەندی بەو مانایە کە بە هەموو لایەکدا وەك یەك هێڵی ئینتەرنێت دەگەیەنێ. بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەکرێ بەدەنگ فەرمانی پێبکەی. خێراییەکەی ٢,٢ گیگابایتە. شەپۆلی بڵاوکردنەوەی ٥ گیگاهێرتزە. کە خێرایی گەیاندنەکەی ١٧٣٣ میگابایت لە چرکەیەکدایە. مەودای گەیاندنی هێڵ بەهۆی ئەو مۆدێم راوتەرەوە ٤٥٠ مەتری چوارگۆشەیە.. دەکرێت بەهۆی مۆدێمەکە سانسۆر بخەیە سەر ماڵپەڕەکان و چاودێری منداڵەکانت بکەی.

## وێبکەمێکی وای-فای ستایلێکی سەرنج راکێش




وێبکەم لە جیهانی چات کردن و پەیوەندی دەنگ و رەنگدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، مۆبایلەکان و لاپتۆپەکان هەرچەندە خۆیان کامێرای تایبەتیان هەیە بۆ پەیوەندی و چاتکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام رەنگە ئەم کامێرایە زۆر وەڵامدەرەوە نەبێت، لە کۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسکتۆپیشدا کامێرایەك نابینرێ، لەکاتێکیدا وادا سوود لە وێبکەم وەردەگیردرێت، وێبکەمان جۆراوجۆرن و کوالیتی و تایبەتمەندییەکانیان جیاوازە، کاتێك سیستەمی وای-فای شوێنی سیستەمی کێبڵی گرتۆتەوە، وێبکەمی وای-فای بەرهەم هاتوون، یەکێك لەم وێبکەمانە، وێبکەمی جۆری DCS-8300LH، کوالیتی نیشاندان لەو وێبکەمەدا فول ئیچدییە. دەنگەکەی دوولایە، واتە لە یەك کاتدا دەنگ بەرێ دەکات و وەردەگرێت.

جوڵە و دەنگ دەناسێ و لە کاتی بەرزی و نزمی دەنگدا یا جوڵەدا هێمای هۆشیارکردنەوەی هەیە. دەتوانێت پەیوەندییەکان بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە سەر میمۆری یان لە ئینتەرنێتدا خەزن بکات. کامێرای شەوانەی هەیە واتە لە تاریکی شەویشدا بە تیشکی سوور وێنەدەگرێت و ١٦ میگاپیسکلە. لە رێگای دوورەوە دەکرێت بە مۆبایل کۆنترۆڵی بکەی. لە نزیکیشدا بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی کۆنترۆڵ دەکرێت.

# هاردی یەک ترابایتی بۆ مۆبایل




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



بەڕێزێك دەپرسێت زۆر جاران كە ویندۆز خێرایی دادەبەزێت، دەڵێن دەبێت فایلەكانی temp بسڕدرێنەوە، ئایا سڕاندنەوەی ئەم فایلانە كاریگەریان لەسەر خێرایی ویندۆز هەیە؟

بەڕێزم لەسەرەتادا بزانە فایلە tempەكان چین، ئەوان ئەم فایلانەن كە كاتین و ڕۆژانە بەهۆی كردنەوەی فایل و پرۆگرامەكان لەسەر كۆمپیوتەر دروست دەبن، ئەگەر هەر جارێك فایلك یان پرۆگرامێك بكەیەوە فایلێكی temp یان چەند فایلێك دروست دەبن و ئەم فایلانە لە ماوەی چەند مانگێكدا لەسەر كۆمپیوتەرەكەت كەڵەكە دەبن و دەبنە هۆی ئەوەی بەشێك لە هاردەكەت بەبێ سوود لەلایەن ئەو فایلانەوە داگیر بكرێ. ئەگەر بتهەوێ فایلەكان بسڕیەوە لە بەشی سێرچ لە هەموو ویندۆزەكانی ٧ و ٨ و ١٠دا بنووسە ٪temp٪ ئیدی فۆڵدەری ئەو فایلانە دەكرێتەوە و دەتوانی هەموویان یەكجێ دیاری بكەی و بیانسڕیەوە..

## پرۆگرامێک بۆ گەڕاندنەوەی وێنە سڕاوەکان

پرۆگرامی گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەكان گەلێكن و تایبەتمەندی و تواناكانیان جیاوازە، پرۆگرام هەیە تەنیا بۆ یەك مەبەست دیاریكراوە و یەك جۆرە فایل دەگەڕێنێتەوە، جا فایلەكە دەق بێت یان وێنە یان دوكیومێنت و فیلم...

پرۆگرامی Stellar Phoenix Photo Recovery هەر لەناوەكەیدا دیارە بۆ مەبەستێكی دیاریكراوە و زیاتر بۆ گەڕاندنەوەی وێنەیە. ئەو وێنانەی بەهۆی هەڵەی بەكارهێنەر، یان بەهۆی فۆرماتەوە لەسەر كۆمپیوتەر یان فلاش یا میمۆری كامێرا دەسڕێنەوە.

ڕاستە پرۆگرامەكە بۆ وێنە دیاریكراوە، بەڵام دەتوانێت فایلی دەنگ، داتا و ڤیدیۆش بگەڕێنێتەوە، جا چ لەسەر مۆبایل بێت یان كۆمپیوتەر و كامێرای دیجیتالی. بەشێك لە تواناكانی پرۆگرامەكە ئەمانەن:

- سوود وەرگرتن لە نوێترین ڕێكارەكانی گەڕاندنەوەی وێنە.
- گەڕاندنەوەی وێنە بە هەر فۆرماتێك بێت.
- گەڕاندنەوەی هەر جۆرە فایل و داتایەك.
- نیشاندانی فایلی مەبەست بەر لە گەڕاندنەوەی.
- خێرایی زۆر لە گەڕاندنەوەی فایلەكان.
- گونجان لەگەڵ گشت جۆرە سیستەمێك.




## بچووک بەڵام بەتوانا



مۆبایلە هۆشمەندەكان بە زۆری قەوارەیان سەرووی پێنج ئینجە و چونكە ئەم سایزە بۆ خوێندنەوە و سەیركردنی مۆبایل گونجاوە، هەرچەندە كەسی وا هەیە حەز لە مۆبایلێك دەكات قەوارە گەورە بێت و لە بەرامبەریشدا كەسانی دیكە هەن حەز لە مۆبایلێك دەكەن قەوارەی بچووك بێت..

بۆ ئەوانەی حەز لە قەوارەی بچووكی مۆبایل دەكەن،

مۆبایلەکان خۆیان لە ئاستی کۆمپیوتەرە بەهێزەکاندا دەبیننەوە، زۆربەی ئەرکەکانی ڕۆژانە ئەوەی بە کامپیوتەر دەکرێت بە مۆبایلیش ئەنجامدەدرێت، بەتایبەت بۆ جیهانی ئینتەرنێت و کردنەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەپێش کۆمپیوتەرەکانیش کەوتۆتەوە.. مۆبایلە هۆشمەندەکان هەروەك پێویستیان بە رامی بەهێزە، پێویستیان بە میمۆری بەهێزیش هەیە، ڕەنگە میمۆری ناوخۆی مۆبایلەکان کە هەتا نزیکەی ٥١٢ گیگابایت هاتوون وەڵامدەرەوە نەبێت، بۆیە هاردی پۆرتێبڵی یەك ترابایتی تایبەت بە مۆبایل بەرهەم هاتووە.

کۆمپانیای Huawei بۆ مۆبایلی mate20 خۆی هاردێکی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری Huawei ST310-S1 ناسراوە. هاردە پورتێبڵەکە جگە لەوەی کە ئەرکی داکردنی داتاکانی وەك وێنە و فایلە گەورە ڤیدیۆییەکان لەخۆیدا هەڵدەگرێ، ئەرکی شەحنکردنەوەی مۆبایلەکەشی بە ئەستۆیە، واتە لەیەك کاتدا هاردێکی بەهێزە و پاوەربانکێکیشە بۆ مۆبایلەکەی..

قەوارەی هاردەکە ١٣٦ لە ٢٩ ملمدایە، کێشەکەی ٢٧٠ گرامە، بەرگی دەرەوەی هاردەکە لە قوماش دروستکراوە، ستایلەکەی وەك پاوەربانكێکی سەرمێز دەچێت، هاردەکە بە شێوەی دەستی و ئۆتۆماتیکی بەکاپ لە داتاکانی ناو مۆبایلە هۆشمەندەکان هەڵدەگرێتەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ دۆزینەوەی هاوشێوەی خۆت

لە جیهانی ئینتەرنێتدا ماڵپەڕی هەیە بۆ دیاریکردنی تەمەن، ماڵپەڕی هەیە بۆ نیشاندانی لەش ڕێکی و جوانیت، ماڵپەڕ هەیە بۆ دۆزینەوەی هاوشێوەی خۆت لە هەر شوێنێك لە جیهاندا بێت، ڕەنگە زیاتر بۆ خۆخافڵاندن بن و بواری زانستیان نەبێت، بەڵام ڕۆژێك دادێت ئەم زانستە پێش دەکەوێ و هەر بە دیتنی وێنەکەت دەزاندرێ تەمەن چەندە و هاوشێوەکەت لە چ شوێنێك دەژی..

ماڵپەڕی https://pim-eyes.com/en/ بۆ دۆزینەوەی هاوشێوەی خۆتە، کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە وێنەیەکی خۆت دادەبەزێنی سەر سایتەکە و سێرچی دەکەی، ماڵپەڕەکە سەدان وێنە لە سایتەکاندا نیشاندەدات کە پێیوایە وەك تۆ دەچن نەك بە ڕێژەی سەدا سەد بەڵکو لە نەوەدەکانەوە بۆ خوارەوە

# بە هەندێل مۆبایلەکە شەحن بکەوە



پاوەربانك یان شەحنی سەفەری کارئاسانییەکی زۆری کردووە بۆ ئەوەی لەو کاتانەی کە کارەبا نییە بتوانی مۆبایلەکەت یا کامێراکەت شەحن بکەیەوە، ئەی ئەگەر لە شوێنێکی دوورەدەست بی و پاوەربانك و کارەباش نەبێت؟ ڕەنگە لەکاتێکی وادا شەحنکەرەوەی هەندێلی یارمەتیدەربێت.

شەحنکەرەوە هەندێلیەکانیش قەبارە و توانایيان جیایە، ئەم پاوەربانکە هەندێلیە، توانای هەیە مۆبایل و تەبلێت و کامێرا شەحن بکاتەوە، کێشی کەمە و قەوارەشی گەورە نییە. ئەگەر نیو چرکە بیسووڕینی، دەتوانی ٥ خولەك ڕووناکی بدا، ئەگەر دوو خولەك بیسووڕینی، هەتا ٦ خولەك سوود لە مۆبایل وەربگری و نیوکاتژمێریش لە حاڵەتی ستاندبایدا دەمێنێتەوە.



مۆبایلی جۆری Palm Phone زۆر گونجاوە، لە پەنجەی دەستتدا جێگای دەبێتەوە، دە سانت لە ٥ سانتدایە. بەڵام گشت تایبەتمەندییەکی مۆبایلە گەورە زیرەکەکانی هەیە. سیستەمی ئەندرۆید ٨ی لەسەرە، شاشەکەی تەنیا ٣,٣ ئیجە. کامێرای پشتەوەی ١٢ میگاپیکسلە و هی دواوەی تەنیا ٨ میگاپیکسلە. میمۆرییەکەی ٣ گیگا هەتا ٣٢ گیگایە.